دەنگدانی تۆ.. مانابەخشینە بە پرۆسەی هەڵبژاردن

مامۆستا ئیدریس کەریم ـ کاندیدی ژمارە (١٨)ی لیستی (٣١٥) لە پارێزگای هەولێر:

گرنگە کورد بە گوتاری ئاینی وەڵامی ئەوانە بداتەوە کە هێرشی دەکەنە سەر..

کاندیدی ژمارە (١٨)ی لیستی (٣١٥)ی پارێزگای هەولێر (مامۆستا ئیدریس کەریم) لە دیمانەیەکی تایبەتیدا لەگەڵ رۆژنامەی یەکگرتوو، هۆکاری خۆکاندیدکردنی بۆ خوێندەرانی رۆژنامەکەمان دەخاتە ڕوو ..

یەکگرتوو: مامۆستا ئیدریس کەریم بۆچی خۆت پاڵاوتووە، جگە لەوەی ئەوە مافی سروشتی هەر کەسێکە؟

مامۆستا ئیدریس کەریم: دەموێت لە رێگەی پەرلەمانەوە زیاتر داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد بکەم، بەتایبەت ئێمەی کورد لە سەروبەندی هەموارکردنی دەستوردا‌ین، چونکە ئێستاکەش مادەیەکی دەستووری هەیە لە دەستووری عێراقیدا، کە دەخوازێ دەستور هەموار بکرێتەوە، ئێمەی کورد پێشتر بەهۆی زۆر شارەزانەبوون لە زمانی عەرەبی، لەوانەیە پێمان نەکرابێت زۆر خواست و داخوازی مەشروعی گەلی کورد لەو دەستوورە بچەسپێنین، لێرەوە دەمەوێت لە رێگەی شارەزابوونم لە زمان و ئەدەبیات عەرەبی لە کاتی هەر پرۆسەیەکی هەموارکردن بەجددی کار بۆ چەسپاندنی ئەو مافە سروشتیانەی گەلی کورد بکەم لە دەستووردا، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بوونم وەکو تاکە کاندیدی زانای ئاینی لە شاری هەولێر، دەمەوێت گوزارشت لە گوتاری ئاینی کوردی بکەم، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەوانەی خۆشییان لە کورد نایەت، بە خیتابی ئاینی کورد تاوانبار دەکەن، بۆیە گرنگە کوردیش بە گوتاری ئاینی وەڵامی ئەوانە بداتەوە.

یەکگرتوو: ئەرکی پەرلەمانتار لەچیدا دەبینیت؟

مامۆستا ئیدریس کەریم: وادەزانم کاری سەرەکی پەلەمانتار کارکردنە بۆ بەرژەوەندییە بااڵکانی گەل و وڵات، هەروەها ئەو بەرژەوەندییە گشتەی کە دەبێت پەلەمانتار راستگۆ و دڵسۆز و شەفافانە مامەڵە بکات و، چاودێرێکی دڵسۆز بێت و روبەڕووی گەندەڵیەکان ببێتەوە، سازش نەکات بەرامبەر مافی هاوواڵتیان.

یەکگرتوو: تا چەند دەتوانرێت ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکرێت کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دەدرێت لە لایەن کاندید و لیستەکان بەگشتی و بەڕێزتوەك کاندیدێك؟

مامۆستا ئیدریس کەریم: سەرەتا دەبێت ئەو خەڵکەی دەنگیان داوە بە پەرلەمانتارێکی دیاریکراو، بەردەوام موتابەعەی کار و چاالکی و بەڵێنەکانی بکەن. ئاخر ئێمە کاتێك یەکێك هەڵدەبژێرین، بۆ بەرنامە هەڵیدەبژێرین، چونکە بڕیارە پەرلەمانتار ببێتە چاو و دەم و زمانی خەڵك، نەك پاش ئەوەی دەنگیان پێدا، ئیتریان خۆیان لێ ون بکەن، پەرلەمانتاری لیستی (٣١٥) بەردەوام لەنێو خەڵکدا بوونە، بە هیچ شێوەیەکیش ئامادە نین لە ژینگەی خۆیان دوور بکەونەوە، ئێستاکەش پشت بەخوا کە دەچین بۆ بەغدا، تەمەنی چوار ساڵی خۆمانیان پێشکەش دەکەین، ئێمە هەموومان سوێندمان بە خوای پەروەردگار خواردووە کە بە هەموو شێوەیەك خزمەت بە هاوواڵتیانی خۆمان بکەین.

یەکگرتوو: دوا وتەی بەڕێزتان بۆ خوێنەرانی رۆژنامەکەمان؟

مامۆستا ئیدریس کەریم: داوا لە دانیشتوانی شاری هەولێر و دەوروبەری دەکەم، کە بە گوڕو تینێکی زۆرەوە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن و دەنگی خۆیان بەو کەسانە بدەن کە جێی متمانەن و رابردوویان شایەتە لەسەریان، دەنگ بەوانە بدەن کە بەردەوام لەگەڵیان بوونە، هەرگیز لێیان دوور نەبوون، چونکە گۆڕانکاری راستەقینە بەو کەسانە دەکرێت کە لەناو خەڵکدا بوون و دەستیان پاکە.

با هەڵبژاردنەکان بکەینە وێستگەی بەخۆداچوونەوە

بورهان محەمەد ئەمین
سلێمانی

ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت لەم سەردەمەدا، ئەوەیە کە سندوقەکانی دەنگدان هۆکارێکن بۆ ئەوەی هەر لایەنێکی ئیسلامی بیکاتە پێوەر بۆ ئەوەی بزانێت جەماوەر چەندە ئەو لایەنەیان لا پەسندە و، چەندە جێگەی خۆی کردۆتەوە لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا، هەرچەندە ڕێژەیەك خروقات و فرت و فێڵیش ئەنجام درابێت.

جا خەڵکی گەر هەموشیان نەکرێت، زۆربەیان تێدەفکرن لە میژووی ئەم لایەنە و ئەو خزمەتانەی کە کردویەتی بە جەماوەر، گەر دڵنیا بووین کە لە گۆڕەپانی واقعدا خزمەتی بەرچاویان هەیە، ئەوە رەنگە هەرتاکێك لە دڵی خۆیدا بڵێت.. باشە ئەوانە بەو توانا کەمەیانەوە بە هاندانی خێرخوازانی دەرەوە و ناوەوە توانیویانە ئەو هەموو خزمەتە بکەن، ئەی ئەگەر ملیارە دۆالریان لەبەردەستدا بێت، دەبێ چی بۆ جەماوەر بکەن.

ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە، ئێمە وەکو هەمیشە بە کردار یان گوفتار لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە، یان هەر بواریکمان بۆ رەخسابێت، گەیاندوومانە کە نەك تەنها خەڵکی دنیای جەماوەری خۆمانین، بەڵکو خەڵکی قیامەتیشیانین، ئێمە خوازیارین و هەوڵ دەدەین کە سەرجەم ئەو خەڵکە ڕوو بکەنە بەهەشت، ڕوو بکەنە دینداری، ڕوو بکەنە چاکە، چونکە ئەوکات دنیا بۆ هەموو لایەکمان پڕ دەبێت لە خۆشی و ئاسودەیی، هەرکاتیش مردن یەخەی گرتین، بێخەم دەبین، چونکە بەڕەو بەهەشت و رەزامەندی پەروەردگاری جیهانەکان کۆچ دەکەین.

بۆیە دەبێت ئێمە لەم وێستگانەدا زیاتر گرنگی بە لایەنی دینداری و چەمکە ئیمانیەکان بدەی لە خودی خۆماندا و، هەوڵ بدەین لە کردار و گوفتار و ڕەفتارماندا جوان ڕەنگ بداتەوە، ئینجا لە خەمی ئەوەشدا بین کە بیگەیەنین بە کەسانی تر.

بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت:

١- هەوڵ بدەین کە دڵ و دەروونی خۆمان بە پلەی یەکەم ئاوەدان بکەینەوە، راستگۆیی و دڵسۆزی و لێبڕان بۆ خوای تێدا بچێنین.

دەبێ خۆمان و جەماوەر لەوە تێگەیەنین کە دنیا گۆڕەپانێکە بۆ تاقیکردنەوە، ڕێگوزەرێکە و پیایدا دەڕۆین، پردێکە و بەسەریدا تێدەپەڕین، هەر ناخۆشی و کێشە و لەمپەرێك کە دێتە ڕێمان، لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوادا، بێ پاداشت نابێت، چ بە سڕینەوەی گوناهەکانمان بێت، یان بەرزبوونەوەی پلەو پایەمان.

٢- پێویستە لەم کاروانسەرایەدا پشت بە خوای گەورە ببەستین لە هەموو جۆرە چاالکیەکاندا کە ئەنجامی دەدەین، خۆیشمان دەزانین کە دینداری بە قسەی زل و توێ خاڵی نییە، بەڵکو دەبێ لە دڵ و دەروون و ناخدا بەتەواوەتی خۆی دامەزرێنێت، پاشانیش لە کار و کردەوە و هەڵسوکەوتدا ڕەنگ بداتەوە.

یەکێك لە پیاوچاکان دەڵێت: ئەوەی پشت بە خوای گەورە نەبەستێ، خوای گەورە ئاتاجی خەڵکی دەکات، بەڵام ئەوەی پشت بەو زاتە ببەستێ، ئەوە خوای گەورە وا لە خەڵکی دەکات کە ئاتاجی بن.

کەواتە: هەوڵدانی تەنها، یاخود دنیەتی تەنها سودی نایێت، ئەگەر نەچنە پاڵ یەکتر و نیەتی خێر نەبێتە هاندەر بۆ خێر.

جا ئەو کاتە وەکو (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ـ خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: جاری وا هەیە کردەوەیەکی بچوکی چاك، نیەتی خێر گەورەی دەکات، هەروەها پێچەوانەوەکەشی ڕاستە، کە جاری وا هەیە کردەوەیەکی گەورە، نیەت بچووکی دەکاتەوە.

هەربۆیە ئەرکی سەرشانی سەرکردایەتی هەر لایەنێکی ئیسلامییە کە لەخەمی پەروەدەکردنی تاکەکانیدا بێت، بەتایبەت ئەوانەی کە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆیان، یان دەخرێتە ئەستۆیان، تا دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و بەرخۆدان و دنیانەویستی ببێتە مەلەکە و ببنە کەسانێکی خەڵۆڕ و بۆ سەرجەم خەڵکان و جیاواز بن لەوانەی کە لە دنیادا تەنها بۆ دنیا دەژین.

ئێمە کاتێك تەنها بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە وا دەکەین، خوای گەورە خۆشەویستمان دەکات لە دڵ و دەروونی جەماوەردا، دەیان کاتە بەرگریکار لێمان.

٣- پێویستە چەمکی دادپەوەری کە کردومانەتە دروشمێکی سەرەکی خۆمان، لەنێو خۆماندا بەرجەستەی بکەین، پاشان دەتوانین لەنێو دەروبەریشدا پیادەی بکەین، چونکە دادپەروەری یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتن و پایەداری، بێگومان خوای گەورەش لەسەر ئەو بنەچینەیە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە، هەر بۆیە زانای کوردی خواناس (ئیبن تەیمیە) دەفەرموێت: "لەڕاستیدا خوای گەورە دەڵەتی بێ دین پایەدار دەکات، گەر دادپەروەر بێت، بەاڵم دەوڵەتێك کە بەحساب کاربەدەستانی ئیماندارن، بەاڵم ستەمکارن، سەری ناخات و تێکیدەشکێنێت و تەفروتونای دەکات".

هەروەها وتراوە ژیان ڕەنگە سەر بگرێت لەگەڵ دادپەوەری و بێ دینیدا، بەاڵم سەرناگرێت لەگەڵ ئیدیعای ئیسالمەتی و ستەمدا.

کاتی خۆی حەزرەتی عومەر، کە والیەکانی ڕەوانە کردووە بۆ ناوچە جیاوازەکان، ئەم پەیامەشی لەگەڵ ناردوون، کە تیادا هاتووە:"خەڵکینە! ئێمە کاربەدەستانی خۆمان نەناردووە تا ئازارتان بدەن و مااڵ و سامانتان داگیر بکەن، بەڵکو ناردوومانن تا ئایینتان فێر بکەن و لە سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) شارەزاتان بکەن، جا

بڕیانی ئێمە زۆر دوور بیربکەنەوە لەو ساتەوەختەی بەجێی دێڵن، یان لەو ساتەوەختەی کە لەکیسیان دەچێت، چونکە (.. وَمَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَى لِلَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ) دەبێ نەیەڵن جیاوازی دروست ببێت لەنێوان ئەوان و سەربازە نەناسراوەکاندا لە هەموو ئاستەکانی ڕێکخستندا، چونکە ئەو حاڵە گرێ و گۆڵ و حەسادەت دروست دەکات و بێبەش دەبن لە دۆعا و نزای خێریان، چونکە گەر ئەو حاڵەتە دروست ببێت و بەردەوام بێت، ئەوە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندن و پارچەپارچەبوون و لەدەستدانی خێری دنیا و قیامەت.

جا ئیتر گەر ئێمە بەڕەو چاکتر و ڕێکوپێکتر و دیندارتر نەچین، ئەوە مانای وایە بەڕەو دوا و کاڵبوونەوە و نەهامەتی دەچین، چونکە وەستان لە ژیاندا نییە، هەروەکو ئایەتێکی قورئان لە سورەتی (المدثر)دا ئاماژەی بۆ دەکات ودەفەرموێت (لِمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ أَنْ يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ).

ئێمە دەبێت سەرچاوەکانمان تەواو و پوخت و پاك و بێگەرد بن، تا ئەگەر لە خوارەوە لێڵی و ناپوختییەك هەبوو، ڕایماڵێت.

پێویستە ئێمە ئەو یادخستنەوەیەی پێشەوا (غەزالی) ڕەچاو بکەین، کە دەفەرموێت (یا معشر القراء یا معشر البلد ما یصلح الزاد اذا الملح فسد). دەتوانین بڵێین، سوپاس بۆ خوا تا ئێستا باشمان هێناوە، بەاڵم دەبێ لەخەمی باشتردا بین، دەبێ وریای دەستکەوتە مادی و پلە و پایەکان و بین، نەیەڵێن شەیتان غرور و خۆپەرستی و دنیاپەرستیمان تێدا بروێنێ، دەبێ برا و خوشکانی ئێمە لە ئاستی بااڵکاندا وەکو سوراحی بن و سەر نەوی بکەن بۆ پیاڵە کە تێکەن بۆی، دەبێ وەك ئاو وابن، پەروەردەکراوەکانی خۆیان لەسەر رابگرن، چونکە گەورەیی دەبێ وا بێت، هەروەکو پێرەمێرد وتویەتی، جا بیرخستنەوە بەبێ گومان سودی هەیە بۆ ئیمانداران، هەر بۆیە خوای گەورە فەرمان دەدات بە پێغەمبەر (د.خ) و هەموو تاکێکی موسڵمان کە شتی خێر یادی برا و خوشکانی ئیمانداریان بخەنەوە، چونکە بەتەئکید یادخستنەوە سودی هەیە بۆ ئیمانداران (وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ).